26.8.2019

# فەرمانگەی کۆچ لە ٢٠١٩/٩/١ بەدواوە بەڵگەنامەی مافی کارکردنی پەناخوازان دەدات

لە ٢٠١٩/٩/١ بەدواوە خاوەنکار دەتوانێت داوای بەڵگەنامەی مافی کارکردنی پەناخواز لە فەرمانگەی کۆچ بکات. فەرمانگەی کۆچ بەڵگەنامەکە بۆ ئەو کەسە دەنێرێت کە پەناخوازە، ئەویش لەلایەن خۆیەوە دەتوانێت پێشانی خاوەنکارەکەی بدات.

دوابەدوای ئەم گۆڕانکاریە لە ٢٠١٩/٩/٣٠ بەدواوە ئەو ژمارە تەلەفۆنە دادەخەین کە بۆ خزمەتی خاوەنکارەکان تەرخان کرابوو.

ئەگەر پێویست بکات هەروەها پەناخواز خۆی دەتوانێت داوای بەڵگەنامەی مافی کارکردن بکات کە بە پارە دەیدرێتی.

## خاوەنکار چۆن دەتوانێت لەوە دڵنیابێت کە پەناخواز مافی کارکردنی هەیە؟

خاوەنکار بەرپرسیاری ئەوەی لە ئەستۆدایە دڵنیابێت لەوەی کە ئەو کەسەی کاری لا دەکات خاون مافی کارکردنە. خاوەنکار دەتوانێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کرێکارەکەی مافی کارکردنی هەیە پرسیار لە کرێکارەکە بکات. هەروەها خاوەنکار دەتوانێت داوای بەڵگەنامەی مافی کارکردنی پەناخواز بکات کە ئەویش بە پارەیە.

## بەم شێوەیەی خوارەوە داوای بەڵگەنامەی مافی کارکردنی پەناخواز دەکەیت

١- ٢٠ ئێورۆ پارەی تاوتوێ کردنی داوای بەڵگەنامە بدە. کاتی ڕادەستکردنی داوکارییەکە پێویستیت بە پسوولەی پارەدانەکە دەبێت. زانیاری پارەدان لە فۆرمەکەدا نوسراوە.

٢- فۆرمی: Pyyntö työnteko-oikeustodistuksen saamiseksi Maahanmuuttovirastolta واتە (داوای وەرگرتنی بەڵگەنامەی مافی کارکردن لە فەرمانگەی کۆچ) پڕبکەوە

٣- فۆرمەکە لەگەڵ پسوولەی پارەدانەکەت بە ئیمەیل بنێرە بۆ ناونیشانی migri@migri.fi. هەروەها دەتوانی فۆرمەکە بە پۆستیش بۆ ئەم ناونیشانە بنێریت: PL 10 00086 Maahanmuuttovirasto

٤- فەرمانگەی کۆچ بەڵگەنامەکە بۆ کرێکارەکەت دەنێرێت.

## پەناخواز لە کوێ زانیاری سەبارەت بە مافی کارکردنی وەردەگرێت؟

- هاوکات لەگەڵ ڕادەستکردنی داوای پەنابەرێتی، نامیلکەیەکت پێ دەدرێ بە ناوی ''زانیاری مافی کارکردن'' کە سەبارەت بە دەستپێکردنی مافی کارکردن زانیاری تێدایە.
- هەروەها لە ڕووی بڕیارەکە یان لە کارتی مۆڵەتی نیشتەجێبوون (ئیقامە) مافی کارکردن روون دەبێتەوە.
- پەناخواز دەتوانێت ئەگەر پێویست بکات داوای بەڵگەنامەی مافی کارکردن بکات کە بە پارە دەدرێت.
- سەبارەت بە مافی کارکردن لەم وێبگەیەدا زانیاری هەیە: migri.fi/turvapaikanhakijan-tyonteko-oikeus

## چ کاتێک پەناخواز مافی کارکردنی هەیە؟

پەناخواز لەپاش سێ یان شەش مانگ لەو ڕۆژەوە کە لە فینلەندا داوای پەنابەری ڕادەستکرووە مافی کارکردنی دەبێت.

ئەگەر پەناخواز پاسەپۆرتی خۆی یان هەر بەڵگەنامەیەکی گەشتکردنی پێشانی کاربەدەستان بدات کە کاتەکەی بەسەرنەچوبێت و دەرکەوتبێت کە ڕاستەقینەیە، ئەوکات ماوەکە سێ مانگە، بەڵام ئەگەر پەناخواز هیچ بەڵگەنامەیەکی گەشتکردنی پێشان نەدابێت ماوەکە شەش مانگە.

مافی کارکردنی پەناخواز لەوکاتەدا کۆتایی دێت کە ئەگەر بڕیارەکە کەوتۆتە برەوی جێبەجێکرانەوە، واتە بتوانرێت پەناخوازەکە لە وڵات دەربکرێت، یان کاتێک بڕیارەکە پشتڕاست بە یاسا بێ، واتە دەرەتانی سکالا لێکردنی نەمابێت.

ئەگەر بڕیارەکەی پەناخواز بەر لە ٢٠١٩/٦/١ لە بڕەوی جێبەجێ کران بێ، مافی کارکردنەکە لەو کاتەدا تەواو دەبێت کە بڕیارەکە بکەوێتە بواری پشتڕاست بە یاسا. ئەگەر بڕیارەکە بەر لە ٢٠١٩/٦/١ لە بڕەوی جێبەجێ کراندا نەبێ ، ئەوە مافی کارکردنی پەناخواز کاتێ کۆتایی دێت کە بڕیارەکە بتوانرێت بخرێتە بواری بڕەوی جێبەجێ کرانەوە.